# نواندنی وێنە لە شیعری (شەوی عارفەی فەلانتاین)ی کانی هەڵەبجەیی

## سەرهەنگ خامۆش



کاتێ دەمانەوێ باس لەشیعر بکەین بەهەموو مانایەکەوە شیعر خۆی لە قاوغێکی فرەبیروبۆچون دەنوێنێ. بێگومان وێنەش باکگراوندێکی پتەوی بۆ بەرجەستە دەکات. ئەم هۆنراوەیەش کە بە هەناسەیەکی تراژیدی نوسراوە، شاعیر زۆر سەرکەوتوانە چۆتە ناخی شیعرەوە. لەهەموو دەرگاکانی عەشقی داوە کە درکی بە زۆر شت کردووە کاری تێکردووە.

(کانی) لەژێر سێبەری ڤەلانتاین چۆتە نێو ئەفسانەی خۆشەویستی دایك و نیشتیمان و دڵدارەکەی. هۆنراوەکەی بریتیە لە دیالۆگێکی درێژ لەنێوان شاعیر و ساتە بأ ئازارەکانی تەنهایی و نامۆیی کە هەمووی تێك هەڵکێشاوە و لەشەوێکدا داپڕشتووە سەرەڕایی ئەوە جوانی شیعری لەبیر نەکردووە.

نواندی وێنە لەخۆزگەکانی ئەم شیعرەی (کانی) وێنەی بڕبڕەی پشتی شیعرەکەیەتی بۆیە کاریگەری خۆی نواندوە و گەشەی هونەری لەشیعرەکەی زۆر بڵاوە کە لەسەرەتای شیعرەکەی دەڵێ:

**ئەمشەو بەدیار مومێکەوە**
**تا سپێدە دائەنیشم**
**رۆحم ئەدەمە گەرمیەکەی**
**لێویشم ئەکەمە ئاوێتەی**
**ڕەنگە سوورەکەی**
**چاوەکانیشم لەگەڵ تەنهایی دا**
**دەنێرمە ئاسمان**
**لەباوەشی مانگەشەودا**
**دەیانڕوێنم**...

لێرەدا شاعیر باس لە تەنهایی دەکا لەشەوێکی وەك عارفەی فەلانتاین کە خۆی وەك موێك دەسووتێ لە چاوڕوانیدا. پر چ دەبێ بەگڕ،ڕۆح بەگەرمی، لێویش ڕەنگی سوور، چاوەکانیش بە مانگەشەو دەسپێری و ئێشك دەگرن..

(کانی) ئەرکی وێنەی بە ڕاست و ڕەوانی بەرجەستە کردووە کە لەگەڵ دڵدارەکەی لەم شەوەدا بەم جۆرە دەدوێ:

**بەڵێ چاو جوان**

**پەنجەکانم لەگەڵ پێنوسا تا بەیانی سەما دەکەن**
**پشونادەن**
**تاشیعرێکی ئەرخەوانی**
**چەپڵە بۆ سەماکەیان لێ ئەداو**
**ئەوانیش سبەی بەپەڕەکانی گوڵێکی سوور**
**دەیپێچنەوەو**
**لەگەڵ ووتنی دوو ووشە**
**پێشکەشی تۆی دەکەن...**

وێنە لەم هۆنراوەیەدا زیادەڕۆیی یە ٍ ئەم زیادەڕۆیی یەش لەهۆنراوەکەی دا سەرکەوتنێکی هونەری بەدەست هێناوە، دەڵێ:

**ئەزانی من ئێستا لەچی دەچم؟**
**لەم گەڵایەی چاوەڕوانی ماچی گوڵە**
**لەو عاشقەی لەجێ ی ژوان**
**چاوەڕوانی هاتنی دڵە**
**من لەو منداڵە هەژارە دەچم**
**کە خەون بەکۆشکێکی ئەفسانەیی دەبینێ**
**ئەم زارۆکە هیوا خنکاوەی**
**بەدەستی مرۆڤە ناخ ڕەشەکانەوە**
**تاڵی دەچێژێ**
**من لەدایکی ئەم شەهیدەی نیشتیمان دەچم**
**کە هەموو ساتێ**
**خەمی دوری ڕۆڵە جوانەمەرگەکەی**
**ڕێ لەڕوناهی دییەکنی دەگری و**
**هیچ نابینێ**
**من ئێستا بەو کەنیشکە چاو بە گریانە دەچم**
**کە کوڕێکی جەللادی خوێن پیس**
**دڵی شکاندووە....**

لێرەدا لەژێر وێنەیەکی تێك هەلکێشدا ئەم هەموو خۆزگەیە دەچنە نێو چوارچێوەی خەون و تاڵی و شەهید و جەللاد و نیشتیمان.. کە تابلۆیەکی ڕۆمانسی پێك دەهێنن و تەعبیر لە خودی شاعیر خۆی دەکات..
یاخود (کانی) هەر لەم شەوەدا دوو دڵە و یێژێ:

**من نازانم**
**سیەینێ ئەم هۆنراوەیەم**
**پێشکەش بەتۆکەم**

**یان نیشتیمانم؟**
**ئەم گەردانەیەی لە ئەستێرەکان دەیهۆنمەوە**
**بیکەمە ملی تۆ**
**یان زارۆلەیەکی بێنازی یەکێ لەدێکانی کوردستانم؟**

لێرەدا شاعیر دڵی دەبێتە دوو پارچە هەروەك پەشێوی شاعیر لەدێرە شیعرێکی ئاماژەی بۆ دوو بۆچون کردووە کە دەڵی:

**(هەم تۆم خۆشدەوێ هەم ئەویش**
**هەم تیشکی خۆر دەپەرستم**
**هەم تریفەی مانگەشەویش)**

لێرەدا (کانی)یش هەردووکیانی خۆش ویستووە بۆیە لەبەراوردا سەری سوڕدەمینێ و وێنەیەکی شیرینی بە نیشتیمان و دڵدارەکەی بەخشیوە.....

من لێرەدا دەلێم هۆنراوەکەی (کانی هەلەبجەیی) وەکو ئەم چەپکە گوڵە سیسەی پایزە کە چاوەڕوانی بەهار دەکا.. کە دەڵێ:

**دڵیشم ئەدەمە زاری پەپولەیەك**
**بەرەو ڕۆحت دەیفڕێنم**
**تا سبەینی پێش تیشکی خۆر**
**بگاتە لات و**
**بەماچێکی نێرگزیانە**
**ڕۆحە ماندووە وونەکەت**
**بەئاگابێنی...**

لێرەدا خواستن زیاتر زاڵە بەسەر وێنە هەرچەندە باسی سەفەرێکی جوانی کردووە بەلاٍم لێرەش دەبێ ئەوە بزانین سەفەرەکە وێنەیەکی جوانی داوەتە شیعرەکە...

شاعیر لێرەدا بەڕاستی داستانێکی شیعری بێ سنووری ڕەخساندووە و لەم شەوەدا تا بەیانی شەونخوی بەدیار ئازارەکانی عەشق کردووە و هەمووی لەنێو پەڕەکانی گوڵێکی سوور کۆکردۆتەوە بەیانی پێش کەشی دڵدارەکەی کردووە وەك دەڵێ:

**ئەوسا منیش بە تۆ دەڵێم**
**هەناسەکەم**
**خۆشم دەوێ ی**...
**خۆشەویستیەك وەك نێوان پێنج پارچەی نیشتیمانم**
**بەبێ سنوور**...
**فەرموو شیرینەکەم**
**ئەمەش دڵم**
**لەگەڵ گوڵێکی سوور**....

xamosh_s@hotmail.com